

# ئیسلامی سیاسی له توركیا

هالدۆن گولپ *
له فارسییەوە: شەریف

**پێشەکی:**

بیرمەندانی زانستی کۆمەڵناسی، زیاتر جەخت و پێداگری لەسەر ئاست و پێگەی بیری سیکۆلاریسم لە کۆمەڵگەدا دەکەن. بەم پێیە، مێژووی جیهان بەهۆی پێشکەوتنەوە بەتەمایە بزاوتێکی مەزهەبی بخانەڕێ و کەوتنەگەڕی ئیسلامی سیاسی، ئێستا بووەتە گرێیەک کە بەهۆی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەوە بیچمی گرتووە. ئیسلامی سیاسی لە هەوڵی ئەوەدایە، بەو پرسیارەوە بێنە مەیدان، کە ئاخۆ بۆچی مەزهەب ناتوانێ لێی جیابێنەوە، هەتا بتوانێ بەم چەشنە رووبەڕووی تیۆریی سیکۆلاریزم بێنەوە. جیاوازی لە وەڵامی ئەم پرسیارە، بووەتە

# ئیسلامی سیاسی له تورکیا

هۆی پڕ ڕەنگبوونەوەی کاریگەرییەکانی بیر و ئایدیای ڕۆژئاوا لە کلتووری تورکیا و پێکدادانی ئەم تیۆرییانە، بووەتە هۆی جیاوازی و کێشمەکێشی نێوان بیرمەندانی ڕۆژئاوایی (مەسیحی) و موسڵمانەکان، بەڵام بەڕای بیرمەندانی ئیسلامی، مەزهەب و سیاسەت دوو پاژی تەواوکەر و جیانەکراوەی ئیسلامن، بێگومان مەزهەب و کاروباری کۆمەڵایەتی ـ هەروەک مێژووی ئایین و مەزهەبەکانی دیکەی وەک مەسیحی، جوولەکە و ئایین و ئایینزا و دابونەریتی مەزهەبی و غەیرە مەزهەبیی دیکە دەریانخستووە، پێکەوە گرێدراون و لێکجیانین. بەپێی ئەم بانگەشەیە، جۆرێک لە پەیوەندیی لۆژیکی لە نێوان مەزهەب و سیاسەتدا هەیە، کە لە کاریگەرییەکانی دینی ئیسلام بۆسەر زانست و بیروباوەڕی موسڵمانان و غەیرە موسڵمان سەرچاوە دەگرێت. سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی سەرچاوەی کێشە و قینێکی لەمێژینەی نێوان دوو شارستانیەت و ژیاری کۆنی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەردەخات و بەم پێیە، جیاکردنەوەی ئیسلام لە سیاسەت کردەیەکی نەگونج و مەحاڵە.

هۆکاری ئەوەی کە تورکیامان وەکو نموونەیەکی بەرچاوی سێکۆلاریزم ناساند، ئەمە بوو کە لەناو پێکهاتەی ئەم سیستەمەدا کێشە و ململانێیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا بەرچاو ناکەوێت. سەرەڕای ئەوەی کە سەراپا و هەموو پێکهاتەی وڵاتی تورکیا کەوتوەتە ژێر کاریگەریی سێکۆلاریزمەوە، بەڵام هەر ئەمە خۆی بووەتە هۆکارێک بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خەڵک و ئاوەدانی و بە پیشەیی کردنی وڵات. کە هەر ئەمە خۆی بووەتە هاندەرێک بۆ خێراتر کردنی پڕۆسەی سێکۆلاریزمەبوونی حکومەتی تورکیا. «ئێرسنت گلنر» لە وتارێکی خۆیدا لەژێر ناوی «ئیسلام تاقە مەزهەبی جیهان و تورکیاش تاقە وڵاتی جیهان لەناو وڵاتانی موسڵمانی دونیا» ئەم مەسەلەیەیەی زۆر بە باشی خستووەتە بەرباس.

تورکیا لەلایەکەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قورسی سێکۆلاریزمەوە و لەلایەکی تریش کێشە و ململانێی نێوان ئیسلام و سیاسەت کە خۆی ڕووداوێکی مێژوویی نوێی و سەرهەڵدانێکی تازە لە تورکیا. ئەم پرسە لە چوارچێوەی پڕۆسەی شارستانیەتی ئێستادا، ناتوانێ وەڵامدەری ئەم کێشە و ناکۆکیەی نێوان شارستانەت و ئایدیا موسڵمانان و مەسیحییەکان بێت. هەڵبەتە ئەم پرسیارەی کە دێتە گۆڕێ، پرسێکی

# تورکیا لەلایەکەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قورسی سێکۆلاریزمەوە و لەلایەکی تریش کێشە و ململانێی نێوان ئیسلام و سیاسەت

مەزهەبی نییە، بەڵکو ویست و داخوازێکی سیاسییە، کە بووەتە هۆی بیچم گرتنی هێڵ و ڕێباز و خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئیسلام، کەوایە ئەگەر مەزهەب خۆی هۆکارێکی شوێندانەر بێت لەسەر دسارده سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەیلێکی مەزهەبی بۆ گەڕان و شەن و کەوکردن لە زانستی سیاسەتدا، بۆیە لە وەها دۆخێکدا ئیسلام وەکو مەزهەبێک، تیۆریی ناسراوی «ئیسلامی سیاسی» دەخاتەڕوو. هەڵبەتە لەوانەیە لە وەها دۆخێکدا تێگەیشتن و فامێکی ناڕوونی لێ بکرێت. کە دکتۆر عەلی شەریعەتی وەک ڕۆشنبیرێکی ناسراو و موسڵمان هێناویەتە گۆڕێ. ئەو ئیسلامی لەژێر ناوی «تیۆریی سیاسی» کە لەگەڵ تۆریی مەسیحییەت لە کتێبی «ئیسلام و مەسیحەیت»دا باسی لێوە کردووە، بە یەکسان دادەنێت و پێیوایە، خودی ئەو تیۆرە دەبێتە هۆی شوێندانێکی قووڵ لە ژیانی مرۆیی، هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزی و کامڵ بوونی بووناسی (ئانتۆلۆژی) و جیهاناسی لەلای مرۆڤ. هەڵبەتە دەبێتە سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەم تیۆرە سەرەتا وەکو بیر و گەڵاڵەیەکی سیاسی هاتە گۆڕێ، گەڵاڵەش کەلە سەرەتاییترین ئامانجەکانی ئیسلامدا هەمان فۆرم و بیچمی شارستانیەتی ریفۆرمخوازی بوو. لەکاتی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری نوێ لە سەدەی بیستەمی زایینیدا، ڕووداوێکی گرنگی دیکەی مێژوویی ڕوویدا، بە چەشنێک کە ڕەوایی بەم گەڵاڵەیە بەخشی و سەرەنجام ئەم ڕووداوە لە سەردەمی حکومەتی «سوڵتان عەبدولحەمید»ی دووەمدا پەرەی سەند و بەهێز بوو. «مستەفا کەمال ئەتاتورک» و ڕۆشنبیرانی دیکەی تورک، تیۆریی نوێی سێکۆلاریزمیان بۆ لاوازکردنی بیروباوەڕە ئیسلامییەکان پیادە کرد و ئیسلامیان وەکو ئامرازێک (چەکێکی کاریگەر) بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەت نیشان دا. ئەم کێشە و ململانێیە هەتا کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەتاتورک بەرچاو دەکەوێ و پاش ئەویش ئیسلامی سیاسی لە قەوارەی گەڵاڵەیەکی عەقیدەتی ـ سیاسی و لەسەر بنەمای تیۆری کەمالیستی فۆرمی گرت و پەرەی سەند.

ئاراستەی ئەم وتارە ئەوەیە، کە قەیرانی جیهانیی خەباتی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و سێکۆلاریزمی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ئیسلامیی سیاسیدا، کە پاش سەدەی 19 بووە سەرەتایەک بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژئاوا، و ئەوەی کە بۆچی ئیسلام وەک نموونەیەک لەم گەڵاڵەیە دێتە ئەژمار، بخاتەڕوو.

**دەوڵەتی عوسمانیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو ـ ئیسلامی مۆدێرن:**

خاڵی گرنگ و بنەڕەتی لە گۆڕانکارییە میراتییەکانی عوسمانی لەم سەردەمە، بە دروشمی ریفۆرم و گۆڕانکاری لە ساڵی 1839ەوە فۆرمی گرت. ئەم گۆڕان و سیستەمە نوێیە، کە لە ڕێگای پەسەندکردنی هۆکارە دەرەکییەکان، هەروەها هۆکار و بابەت و پرسە بەرباسەکانی پەیوەندیدار بە ئەخلاق و مەزهەب، کەلە دەرەوەی یاساوە باسی لێوە دەکرا، خستەڕوو. ئەم ڕەوتە بە خێراییەکی زۆرەوە ئەشەنەی سەند و دەستی پێکرد، کە هۆیەکەی دەکرێ لە یاسای ریفۆرمی 1956ی زایینی، کە بە پەسەندکردنی ئەرک و مافی یەکسانی نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵمان لە بواری دانی باج، سیستەمی ئەرکی سەربازی، تەنانەت لە کاروباری گشتیی وەک: ترافیک و... بەرچاو دەکەون. ئەم جۆرە ریفۆرم و ئاڵوگۆڕانە لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا لە بواری ئابووری، سیاسی، تەنانەت ئەو تیۆرییانەش کە ڕەنگ و بۆنی

سیاسەتی ڕۆژئاوایان لێدەهات، خۆیان دەرخست. کە هاوتەریب لەگەڵ گەشەی نەتەوەگەرایی ناوخۆیی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، سیستەمی ریفۆرم، هەوڵی خۆیان لەباری بیروباوەڕی خەڵک خستەگەڕ. بەم پێیە، هێڵ و ئاراستەی حکومەتی عوسمانی بوو بە کۆڵەکە و هەوێنی دەوڵەت، کە بە ئەمای گەشە و یەکێتیی نێوان مەزهەب و گرووپە ئایینی و ئایینزاکان بوو. هەڵبەتە خاڵی سەرەکی و بنەما لەم ئیمپراتۆرییەدا، ئیسلام بوو و بۆ خۆی بوو بە چەقی هەموو مەزهەبەکان. بە جۆرێک زاڵ بوو بەسەر هەموویاندا و گرووپە جیاوازەکان پێکەوە یەکیان گرت و بەڕێوەبەریی حکوومەت و نەتەوەیەکیان گرتە دەست و دەوڵەتی عوسمانیش ئەو دەسەڵاتەی لە هەموو لایەن و گرووپەکان بە هەر بیروباوەڕێکی مەزهەبی کە هەیانبوو، لێی سەند. سەرەڕای ئەو هۆکارە گەندەڵی و نادایەروەرییانەی کە بە شێوەی ئاشکرا لە ئارادا بوون، هەندێ گرووپ و دەستەی جیاییخوازیش سەریانهەڵدا، کە گەندەڵیان لە کەرتەکانی دەرەوەی مەزهەبدا پەرە پێدەدا، کە هەڵسوکەوتی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بووە هۆی بەرینتربوونەوەی کێە و ململانێیە نەژادی و گرووپە مەزهەبییەکان. گرووپێکی نەژادپەرست لە کرێکاران، کۆنترۆڵی موسڵمانەکانیان گرتبووە دەست، کەلە دەورووبەری ئەوان دەژیان.


د. عەلی شەریعەتی

بە جۆرێک کە هەموو کاروبارێکی پیشەیی بەدەستی ئەوان بوو. کۆمەڵێکی زۆر لە شەریکە ئەورووپی ـ بازرگانییەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە، ئامادەی دانوستان لەگەڵ موسڵمانەکان نەبوون و لە بەرامبەردا لەگەڵ غەیرە مەزهەبی و ئیسلامییەکان لە پەیوەندیدا بوون. هۆکاری سەرەکیی کێشە و ململانێی لەم ئیمپراتۆرییەدا، پەرەدانی پەیوەندیی نێوان گرووپە نەژادپەرست و مەزهەبییەکان لەگەڵ گرووپەکانی دیکە بوو، کە بەناو دەیانەویست لەم نیشتمانەدا یەکیەتییەک پێکبێنین. هەرەچەند هەوڵەکان بە مەبەستی پەرەدانی پەیوەندی و سازانی نێوان گرووپە ناوخۆییەکان سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە رواڵەتدا هەر لەسەر ئەم رێبازە کارەکانی خۆیان رادەپەڕاند و دەوڵەتیش بە مەبەستی پشتیوانی لە لایەنگرانی ئەورووپیی خۆی، سیستەمی باج و سەرانەی لابرد، بەم پێیە، دەسەڵاتە ئەورووپییەکان خوازیار بوون سەرمایە دەرەکییەکانی پشتیوانی دەوڵەتی

بەهێزی عوسمانی بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەڵام ئەم رێگەپێدانە بە ئەوروپییەکان، بووە هۆی هۆگریی زیاتری دەوڵەت بە هێزە بیانییەکان و بۆ خۆی هەل و دەرەتانی بۆ لاوازکردنی بنەماکانی حکومەت و لەدەسندانی پشتیوانیی ناوخۆیی رەخساند کە ئەمە بووە هۆی کە غەیری موسڵمانەکان بەدوای لایەنێکدا بگەڕێن کە پشتیوانییان بکات.

لەم کاتەدا بوو کە ئەندێشەی دەوڵەتێکی نوێ سەریهەڵدا، دەوڵەتێک کە جگەلە یارمەتی و پشتیوانیی موسڵمانەکان بۆ رووکردنە دنیای مۆدێرن، چارەیەکی تری نەبوو، کە لەم گۆڕانکارییەدا پاش یاسای ریفۆرمی ساڵی 1856ی زایینی، لەم ئیمپراتۆرییەدا هاتە گۆڕێ و باسەکەی گەرمتر بوو. بەم پێیە، هۆکاری بەرهەمی لەسەروو دانانی بیروباوەڕی موسڵمانەکان پێگە و نفووزی ئیمپراتۆری بوو. هەرچەند ئیپمراتۆریی نوێ بەو حوکمەی کە موسڵمانەکان کاروبار بەدەسنەوە بگرن، ناڕازی بوون و بووە هۆی ئەوەی دانی هەندێ پوان بە موسڵمانان کە ئەوانیش بە جۆرێک کاروباری بگرنە دەست، بەڵام ئەنجامەکە بووە ئەوەی کە ئەو ئیمپراتۆرە رێزی بۆ هەست و سۆزی هەندێ گرووپی تایبەت لە خەڵکەکەی دانا، کە ئەمەش بووە هۆی سازبوونی یەکگرتوویەکی دوور لە نێوان گرووپە مەزهەبییەکان و رێکخستنەکانی سیکۆلاریزمی سیاسی، کە لەڕاستیدا پەرەدان بە یەکیەتییەکی ئێتنیکی لە نێوان دەسنیەک لە موسڵمانان. ئەگەرچی ئیمپراتۆریی لاو دژی پرۆسەی شارستانیەتی نیشتمانەکەی نەبوو، بەڵام سەرکردەی ئەو رێکخستنانە، بەتەمای ئەوە بوون، هەتا بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک پرەنسیپی ئەخلاقی و فەلسەفی، پێوەرە کاریگەرەکان پەرە پێبدەن و هەندێ پرەسیپی دیکەش کەمڕەنگ بکەنەوە و پەکی بخەن. ئەوا بەتەما بوون هەتا ئەم کەلێنە لە رێگای پێشنیاری هاوسەنگیی نێوان تیۆریی (مۆدێرنیزاسیۆن) و بیری ئیسلامی سیاسی، پرەنسیپی زاڵ بەسەر سیسنەمی سیاسی، پڕ بکەنەوە. ئەم ئیمپراتۆرییە، ئیسلامی وەک هۆکاری سەرەکی لە هاوئاهەنگی و یەکێتیی کۆمەڵایەتیی نێوان کۆمەڵەکانی موسڵمانان لە قەڵەم دەدات، هەر بەم هۆیە ئەوان ئیسلامیان وەک هۆکارێکی رێکخستنی ئامانجەکانی رۆژئاوا و کامڵ کردنیان بۆ یارمەتیدان بە پرەنسیپە دینییەکان، دەهێنایە ئەژمار و بە گرنگیان وەسفیان دەکرد و تیۆریگەلێکی وەک: ئازادی، رۆڵی یاسا، دیموکراسی و پەرلەمان و دامەزراوە گشتی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئەگەری یەکسانیی ئیسلامیدا دەزانن. گەشەسەندنی بەرفراوانی دامەزراوە سیاسییەکان لەو نیشتمانە و گونجاندنی رێوشوێن و پرەسنیپە فەلسەفییەکانی رۆژئاوا لەگەڵ بنەما و رێوشوێنەکانی ئیسلام لە خاڵە گرنگە بەرباسەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە بوون. موسڵمانان لە هەوڵی ئەودان، هەتا بنەما و رێوشوێنەکانی مەزهەب، لەگەڵ زانستە لۆژیکییەکان بگونجێنن و بیر و بۆچوونە رۆژئاواییەکان لەگەڵ پرەسپە ئیسلامییەکان رێک بخەن، کە خۆیان ئەمە بەناوی «پێشکەوتن» لە قەڵەم دەدەن.

ئیسلام لەم سەرزەمینە وەک گەڵاڵەیەکی گرنگی سیاسی، گەشەی کردووە و هاتوەتە بەرباس، چونکە ئەم ئیمپراتۆرییە هەر لە سەرەتاشەوە بەتەمای وەرگرتنی ئایدیا و روانگە و ئەندێشەی نوێ بوو، چونکە ریفۆرم و رێکسختنە پروپاگەندە نوێیەکان، نەیدەتوانی، رەواییەک بەو ریفۆرمە راستەقینەیە ببەخشێت. ئێستا بە یارمەتیی هەرچەشنە رێکار و بیروباوەڕێک بێت، ئەم ئیمپراتۆرییە سەرنج و گرنگی بە نیازە فکری و لۆژیکییەکان دەدات. هەرچەند دەوڵەت بە مەبەستی سەلماندنی ئەم جیاوازی و دژبەیەکانە، لە رێگای بەدواداچوونەکانییەوە لە بەشە جیاوازە موسڵمان نشینەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە، لە هەوڵی لێک نزیک کردنەوەی گرووپە جۆراوجۆرە مەزهەبی و غەیرە مەزهەبییەمان بوو، هاوکات لە هەوڵی کۆکردنەوەی لایەنگرانی بنیاتی شارستانیەتی نوێ بەپێوەرە رۆژئاواییەکان بوو، بەڵام بیر و ئایدیا نوێیە بیچم گرتووەکان لەناو ئەم ئیمپراتۆرییە، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی رۆژئاواوە بوو کەلە

> **سوڵتان عەبدولحەمید یەکێکە لە لایەنگرای پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عوسمانی،ئیسلامی لەبەر رەوایی بەخشین بە شارستانیەت بەپێی پارادایمەکانی رۆژئاوا، هەڵبژارد**

بەرجەوەندی ئیسلامییەوە بەدەستی هێنابوو. ئەم دژایەتییانە هۆکارێکن کە یارمەتیی بیروباوەڕەکانی ئەم سەردەمە مۆدێرنە دەکەن ،هەتا پەرە بستێنن. پێکدادانی ئەم ناکۆکییانە بە یارمەتیی «سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم» ئەو کەسەی کە لەلایەک لە نیشتمانی عوسمانیدا خوازیاری شارستانیەتی نوێ بوو، لەلایەکی دیکشەوە جنێوی بەو سەرەڕۆییە دەدا، کە بەرهەمی شارستانیەتی سیکۆلاری سەردەمی کۆماریخوازەکان بوو ـ لەناو چوو. لە مێژوودا، بیروباوەڕی عەبدولحەمیدی دووەم بە بەراورد لەگەڵ کەمالیست بەناوی (کۆنەپەرست ـ سەرەڕۆ) هاتۆتە گۆڕێ، کە بە جوانی لە بنەمای ئەخلاقیی ئیسلامیدا دەردەکەوێ. ئەم بنەما و رەوشتە، هێمایەکی چەواشەکار و بەلاڕێدابەرە، چونکە: ئەو رێڕەوی پێشینیانی خۆی بووە. «درینگل» لەو باوەڕەدایە، ئەگەر قبووڵی بکەین، ئەم سوڵتانە سەرەڕای بەگۆمان بوونی لە رۆژئاوا، دەستی پشتیوانی کردنی ئەو رێکحستنە هەڵنەگرت، لەگەڵ عەقڵانیەتی مرۆیدا نائەبایە، چونکە کۆمەڵێکی بەرچاو لە دامەزراوە دیوانسالاری لە کۆماری تورکیا، لە سەردەمی دەسەڵاتی «سوڵتان عەبدولحەمید»دا بنیاتنراوە و خودی ئەم پاشایە یەکێک لە لایەنگرای پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عوسمانی بووە. ئەم پاشایە ئیسلامی لەبەر رەوایی بەخشین بە شارستانیەت بەپێی پارادایمەکانی رۆژئاوا، هەڵبژارد. ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسی: «ئەگەرچی ئەم دۆخە بنەماکانی ئیسلامی سیاسیی بنیات نا، لەڕاستیدا بۆ خۆی بوو بە دەستووری کاری هێزە سیکۆلارەکان». دەوڵەتی نوێ وەکو پردێک وابوو، کە لە رێگای ریفۆرم و گۆڕانکارییەوە لە نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و ئیسلامی بووندا، پەیوەندیی دامەزراند. لە سەردەمی ئەم پاشایەدا بوو، کە بیری رۆژوئاوای و مۆدێڕنیزاسیۆن پێکەوە هاوسەنگ و یەکسان کران. ئیسلامخوازیی سوڵتان عەبدولحەمید، تیۆرییەکی نوێ بوو، کە زیاتر وەک داهێنان خولقاندن دەچوو، کە ئەویش ئامرازێک بوو بۆ رەواییدان بە دەسەڵاتەکەی خۆی. لە سەردەی نۆزدەدا بوو، کە بەشێک لەو سەرزەمینە رووخا و بڕیاری جیابوونەوە، تەنانەت پەیوەست بوون بە بەشەکەی دیکەش گیرا. لە ساڵی 1877 ـ 1878ی زایینی شەڕی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، کۆتایی بەم کیماسییە هێنا و چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەم خکومەتە هەتا باڵکان پەرەی سەند، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی ئەم ئیمپراتۆرییە مەسیحییەکان پێکبێنن. سەرزەمین و نیشتمانی عەرەبەکان، لەو کاتەدا دوور بوون لەم بابەتەوە، بە جۆرێک دەڵێی پشتگوێخراون، بەڵام دواتر بارودۆخ گۆڕا، بە چەشنێک کە هەمیسان گەڕانەوە بۆ دۆخ و ڕەوشی پێشووی خۆیان و هەر ئەمەش بووە هۆی پێکهێنانی یەکێتییەکی پتەو و درێژخایەن بۆ پاراستنی بنیاتەکانی ئەو نەتەوەیە، کەوایە روون و ئاشکرایە، کە عەبدولحەمید بەهۆی پشتگیری لە دەسەڵاتە بیانییەکان، کۆمەڵێکی بەرچاو لە غەیرە موسڵمانەکانی کردە پشتیوانی دەوڵەتەکەی، هەر بەم پێیە غەیرە موسڵمانەکانیش لەباری ئەمەگناسی بە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنییاندا و هەستیان بە بەرپرسیارەتی دەکرد. پرسەکانی پەیوەندیدار بە موسڵمانان وەک پرسێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ هاتە بەرباس، چونکە ئیسلام مەزهەبی زاڵ و فەرمیی ئەم دەسەڵات و

## نەتەوەخوازی بە واتای «وشیاری» بۆ یەکەمجار لە نێوان گرووپ و تاقمە مەزهەبییەکان و جیاییخوازان لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20 سەریهەڵدا

ناوچەیە بوو. عەبدولحەمید لەو باوەڕدا بوو، کە «ئیسلام ئامرازێکە بۆ سست و لاوازکردن، یان پێکهێنانی یەکێتییەک بۆ پاراستنی کۆڵەکەکانی حکومەت، هەروەها ڕێگایەکە بۆ پەوەندیگرتن لەگەڵ ناخۆجێیەکان لەو سەردەمەدا»، بۆیە هۆیەکەی ئەوەیە، کە ئامادەبوونی عەرەبەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەم سوڵتانەدا بە روونی هەستپێدەکرێ.

یان ئیسلامییەکان لە دەرەوەی ڕێباز و ئاراستەی خۆیان هەنگاویان هەڵێنا و هەتا ئەوکاتەی کە ئیسلام وەک بنەماکانی حکومەت، خاوەن پێگە و قورسایی تایبەت بوو، ببووە باوەڕە و ئامانجێک. لە بەرامبەریشدا دەرکەوتن و ئامادەیی دەسەڵاتە دژبەرەکانی حکومەت، هەروەها پشتیوانیی نابەجێی دەوڵەت لە غەیرە موسڵمانەکان بەهۆی ناوبانگیانەوە، خۆی بووە هۆکارێک بۆ لاوازبوون و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی. داگیرکردنی کاناڵی سوئێز لە ساڵی 1896 (ڕێگای پەوەندیی نێوان بریتانیا و ئەقیانووسی هیند» هەڵکەوتوو لە دەریای مەدینەرانە و داگیرکردنی لەلایەن میسر، بووە هۆیەک بۆ دزەرکردنی بێگانەکان بۆ ناو سەرزەمینە ئیسلامییەکان و بەرەبەرە بەڕێوبەرایەتی و دەسەڵاتدارانی حکومەت وڵاتیان لە چنگی دامەزرێنەرانی دەرهێنا. دەستێوەردان و سەرهەڵدانی لەناکاوی ئەڵمانیا، وەک هێزێکی ئیمپریالیستیی شاراوە لە ساڵی 1871، هاوپەیمانیی بریتانیا و فەرەنسا و ئیدیعایان لەسەر خاوەندارێتیی بەشێک لە ئیمپراتۆریی عوسمانی، گەشت و گەڕان بەناو ناوچە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە، بەهۆی پەیوەندیی داخراو و پەنهانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی ئەڵمانیا و ئینتیمای ئەڵمانییەکان بۆ گرێبەست و ڕێککەوتن لەگەڵ عوسمانییەکان و دانی بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی لە پاشای عوسمانی و بە فەرمی ناسینیان، چوونە سەری چاوەڕوانیی «خەلیفەکانی عوسمانی» لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی پشتیوانی خۆیان، هەروەها لەو دەوڵەتە موسڵمانانەی کە لە گۆشە و کەنار، یان لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەژێر رکێفی ئەو دەوڵەتەدا بوون، بوونە هۆی لاوازیی ئەو ئیمپراتۆرە.

پان ئیسلامیزم پلان و گەڵاڵەیەکی سەرکەوتوو نەبوو. سوڵتان عەبدولحەمید لەڕاستیدا یارمەتیی موسڵمانەکانی نەدا، بەڵام پێداگریی لەسەر رەسەنایەتی و گەوهەرخوازییەکەی بووە هۆی ئەوەی، کە ئەو ئیمپراتۆرییە بۆ ماوەی 30 ساڵی دیکە تەمەن بکات. ئەگەر حکومەتی سوڵتان عەبدولحەمید بە بەراوەرد لەگەڵ دەوڵەتانی موسڵمانی دیکە، لە بەرانبەر دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا زۆر سەرکەوتووتر بوو، بەڵام لەباری هەمیسان گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ موسڵمانەکان سەرکەوتوو نەبوو. ئەو هەم نەیتوانی تیۆرییە ئیسلامییەکان بە نەگۆڕاوی بهێڵێتەوە، هەم بووە هۆی ئەوەی کە غەیرە موسڵمانەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. لەو سەروبەندەدا بە شارستانی بوون برێتی بوو لە یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان پرسی جۆراوجۆر، هاوکات قبووڵ کردنی مەزهەب و ئایدیای جۆراوجۆر و ڕەخساندنی کەش و دۆخی پەیوەندیی لە نێوانیان، بەڵام لەم نێوەدا هەندێ ناتەبابی و نەسازان لەگەڵ بیروباوەڕە ئیسلامییەکانیش بەرچاو دەکەوێ.

**نەتەوەخوازیی مۆدێرن: کەمالیست:**

نەتەوەخوازی بە واتای «وشیاری» بۆ یەکەمجار لە نێوان




گرووپ و تاقمە مەزهەبییەکان و جیاییخوازان لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20 سەریهەڵدا. گولالپ لەم بارەوە دەڵێت: بیری نەتەوەخوازی بۆ یەکەم جار لەلای غەیرە موسڵمانەکان هاتە گۆڕێ، دواتر لەلای ئالبانییەکان، پاشانیش لەناو عەرەب و سەرەنجام لەلای تورک و کوردیش سەریهەڵدا. ئەوەی کە بۆچی نەتەوەخوازی سەرەتا لەلای تورکەکانی تورکیا هاتە گۆڕێ، مەسەلەیەکی رێکەوت نییە، چونکە ئەم ئیمپراتۆرییە لە رێگای بیرو بۆچوونگەلێکی هاوچەشنی بیری ئیسلامی دروستبووە. گەشەکردن و سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی تورکیا، راچەنینێک بوو لە جۆری پەرچەکرداری ریفۆرمی لە بەرانبەر دەسەڵاتە ئیمپریالیستییە ئەوروپییەکان. ئەم رێوشوێنە ناوخۆییانە لەگەڵ سیستەمی فیکریی نوێ، کە هەوڵێکی سیستماتیک بوو لەراستای جێگیرکردنی غەیرە موسڵمانەکان لەباتی موسڵمانان، بۆیە پێکهاتەکانی بیری کۆماریخوازی تورکیا لەگەڵ کۆمارییەکانی دیکە یەکەم جار لە ساڵی 8 ـ 1907 بیچمی گرت و سەرەنجام لە رێگای کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ لیبراڵەکان 22 ـ 1919کامڵ بوو. ئامانجی ئم گرووپە لە شەڕ لەگەڵ لیبراڵەکان، لە خاوەندارێتیی موسڵمانەکان، هەروەها (بەمدوایانە) لە کەڵەکەکردنی سەرمایەی بازرگانیی موسڵمانەکاندا دەرکەوت. تیۆریی کەمالیست، تیۆرێکی ناوخۆیی و ناوچەییە لە تورکیا. لەو نێوەدا، تورکیا واتایەکی جوگرافی و جەماوەریی بوو، بەپێی ئایەتمەندی و خەسڵەتەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەرزەمینە. لە بنەڕەتدا ئەو ناوچەیە، لە دوو مەکتەبی ئیسلام و شێوازە ئێتنیکی ـ نەتەوەخوازەکان فۆرمی گرت، بەڵام هەندێ هۆکاری وەک، شێوازی نەتەوەیی و ئامانجی کلتووری و ئەوەی کە تاکێکی تورک باشتر لە کەسێکی دیکەی خەڵکی تورکیا و ناخۆجێی دەتوانێ بپەیڤێ، لە بیچمگرتنی ئەم بیرە نەتەوەییەدا، کاریگەر و شوێندانەر بووە. ئەگەرچی ئەو خەسڵەت و نوسخە کەمالیستییە لە تورکیا، لەگەڵ خاڵە ریفۆرمە نەتەوەخوازییەکانی پێشوو، تەبا بوو، بەڵام لەوانەیە بەهۆی پەرچەکرداری غەیرە موسڵمانەکان لەناوخۆی سنوورەکانی تورکیا و لایەنەکانی دیکەوە، لاواز بکرێت، بەڵام لەراستیدا و بە واتایەکی تر هەنگاوی بە ئیسلامیکردنی سوڵتان عەبدولحەمید و کەمالیستی ئەتاتورک هاوسەنگ و تەواکەری یەکن. بە واتایەکی تر ئەوان لە

یەککاتدا هەدووکیان لەرزۆک و کورتخایەن بوون. لێکدانەوە و تێگەیشتنی کەمالیست لە «نەتەوەی تورکیا» لە بەرزترین واتادا، گەڕان بەدوای حاڵەتێکی چەند نەژادی بۆ سازکردنی شوناسێکی یەکسان بوو.

کەمالیستی ئەمڕۆ و بەگشتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی سڕییەوە و لە بەرابەریدا راوەستا، هەڵبەتە سەرکەوتن و گەشەکردنی ئەم نەتەوەیە و هەوڵدان بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی نەوەی پاش سەدەی 19، لە ئیمپراتۆریەتی مۆدێرندا روویداوە، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی کەمال ئەتاتۆرک بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە و مۆدێرنیزاسیۆن، لە واقیعی بیری نەتەوەخوازیی تورکیاوە بیچمیگرت، کە شۆڕشێکی دژە ئیمپریالیستی و لایەنگری هەژموونیی رۆژئاوا بوو. بەپێی تیۆریی کەمالیست، تورکیا تەنیا کاتێ دەتوانی رۆژئاوایی بێت، کە ئیمپریالیزمی رۆژئاوا تێک بشکێنێ.

بەپێی ئەم بنەمایە، تورکیای ئەمڕۆ بێجگە لە جیاکردنەوەی ئەندامانی جەستەی لە پاشماوەکانی ئیمپراتۆریی پێشوو، چارەیکی دیکەی نییە، چونکە ریفۆرم و گۆڕانکاری، ئامرازێک بوو لەدەستی دەسەڵاتە ئیمپریالیستییە گەورەکان، کەوایە کەمالیستی ئەمڕۆ، لە ئیمپراتۆریی پێشوو جیایە و دژی رەفتار و هەڵسوکەوتی داگیرکارانەی ئیمپریالیستی بوو. یەکێک لەو ئامانجە سەرەکییان لە شۆڕشی کەمالیستی، رزگارکردنی ئیسلام بوو لە دۆخی بە ئامراز بوونی دەستی سیاسەت. وا دیارە ئیسلام ئامرازێکی سیاسیی دەستی کەمالیست بووە، کە کەوتبێتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی سیکۆلاریزمەوە. بنەما و جەوهەر ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بەتەمای خراپ و ناشیرین کردنی کۆماری تورکیا بوون، کە لە ساڵی 1923 راشکاوانە راگەیەنرا. لە مارسی 1924دا دەسەڵاتی پشتاوپشت (خەلافەت)ی عوسمانی لێکهەڵوەشا، هەموو ئەندامەکانی بە وڵاتانی دیکە پەیوەست بوون. دەوڵەتی نوێی تورکیا بە دەنگی زۆرینەی خەڵک لە سەرەتای ساڵی 1924دا پێکهات. مەزهەبی سەرەکیی ئیسلام بوو، پاشان لە ساڵی 1928دا دەرەتان بۆ گەشەکردن و خۆدەرخستنی مەهەب و ئایینزاکانی دیکەش رەخسا. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ناوچەی «پیران»ی باکووری کوردستان لە ساڵی 1925 سەرهەڵدا و خوازیاری ئازادیی و دەستبەربوونی مافە زەوتکراوەکانی کورد و سەربەخۆیی بوو، بەڵام لەلایەن ئەتاتورکەوە نکۆڵی لێکرا و بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن ئەتاتورکەوە سەرکوت کرا و هەڵوەشایەوە. ئەم بزووتنەوە توندڕوانەیە، هەروەها خێرایی و نیشاندانی هێزە بە مەبەستی خۆنواندنی رواڵەتی لە نێوان کوردان و ئیسلام بوو، کە خێرا ئاشکرا بوو. هەندێک لەو باوەڕە دان ئەم هەڵوێستەی حکومەت بووەتە هۆی خێرایی بەخشین بەو بەوبزووتنەوە و بە مەبەستی پێشکەوتنی سیکۆلاریزم و سەلماندنی بیری نەتەوەخوازی. زۆرێک لە هەنگاوە ریفۆرم و گۆڕانە مۆدێرنەکان پاش ئەم رووداوە رەوینەوە. مانگێک دواتر (1925 ـ 1926) و لە برۆشۆرەکان و یاسای (Alphabet Headegar) کە یەکێک لە لەمێژینەترین بەشەکان بوو، ئەمە هێنایە گۆڕێ و هەموو مەزهەب و ئایین و ئایینزاکان، ماڵ و شوێنە کۆن و مێژوویی و پەرستگەکان پێشیان پێگیرا و داخران و تەبلیغ و پڕوپاگەندەیان قەدەغە کرا. بەم چەشنە تیۆریی کەمالیست لە ئیمپراتۆرییەوە بۆ « یەک نەتەوە»، هەروەها ئایدیۆلۆژیای یاسایی لە ئیسلام بۆ نەتەوەخوازی گۆڕانکاری بەسەردا هات و بیچمی گرت، بۆیە لە پەیوەندی لەگەڵ بیروباوەڕە باوەکانی تورکیا، ئەم پرسیارە وەڵامێکی نوێی دەهێنایە گۆڕێ و ئەویش: تورکیا نەتەوەیەکی یەکگرتوویی سەرەڕۆ و دەسەڵاتخوازە، کە شارستانیەتی رۆژئاوای بەدەستەوە گرتووە.

ئامانجی گشتیی رێبەریی کەمالیست، تۆمارکردنی شارستانیەتی هاوچەرخی خۆیە، بەڵام ئەم تیۆرییە پێچەوانەی تیۆریی «گولالپ»ە، چونکە ئەو تیۆریی هاوپەیوەندی و تێکەڵاویی نێوان ئیسلام و شارستانیەتی هێنابووە گۆڕێ. «فەرهەنگی ناوچەیی» و هاوسەنگ و گونجاندنی لەگەڵ شارستانیەتی

جیهانی، کە کەمالیست ئەوەی وەک لەمپەرێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوایەکانی خۆی دەزانی، هەربۆیە لە ڕێبەریکردنی کەمالیستدا «مستەفا کەمال ئەتاتورک» مۆدێرنیزاسیۆن، ئاستی نێونجیی ڕۆژئاوایی بوونە، هەتا ئەو ئاستەی کە ئەوان ئیسلامیان بە لەمپەرێک دادەنا و پێیانوابوو کە شارستانیەتی هاوچەرخ لەناو دەبات، سەرەنجام بە ناچاری ئیسلام لەسەر ڕێگای خۆی لەگەڵ نوسخەی کەمالیست بەناو حکومەتی مۆدێرنی چەند ئێتنیکی بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام شێواز و هەلومەرجی دواتری لە زۆربەی مۆدیلەکان، وەک شێوازی ئیسلامی ریفۆرمخوازانەیان بەسەردا هات. لەم ئامانجەدا، گشتگیری و ئاییتمەندی پێکەوە تێکەڵکران. ئیسلامی سەدەی 19 و گرنگیەکەی لە بواری خستنەڕووی پەیوندیی نێوان ڕۆژئاوا و سەرۆکایەتیکردن لە سیستەمی سیاسی و ئابووریدا، بووە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو سیستەمانە. ئیسلامی ریفۆرمخواز لە ڕێگای هەوڵێکەوە بۆ گەڕانەوە بۆ شارستانیەتی پێشوو دابەش بوو، هەموو ئەم پرسیارانە لە ڕێگای ڕۆژئاواوە هاتنە گۆڕێ، کە هەقیقەتێکی ڕاستەقینە بوون بۆ نەتەوەیی گەرایی کەمالیست. ئیسلامی گۆڕانخواز هەوڵیدا، هەتا بە قەبووڵکردنی پرەنسیپی ڕۆژئاوا لە ڕێگای ڕاڤەی وشیارانەی ئیسلامەوە، ڕەوایی پێ ببەخشێ و مۆدێرنیزاسیۆن لە چوارچێوەی ئیسلامی ڕاستەقینەدا قەبووڵ بکات. ئیسلامی مۆدێرن، خوازیاری قەبووڵ کردنی پرەنسیپێکە کە بەڕاستی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕۆژئاوا وەک دیاردەیەکی نوێ بە باشی قەبووڵ بکات و لەو ڕێگایەوە ڕەوایی بە ئیسلام و موسڵمانان بدات. بۆ وێنە ئیمپارتۆریی نوێ ئیدیعای کرد: ئەو دامەزراوانەی کە دەربڕی پرەنسیپ و بنەماکانی ئەورووپایین، ناچارن لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا پابەندی ئیسلام و بنەماکانی بن. ئەم ئیمپراتۆرییە لە نەتەوەخوازیی کەمالیستدا چەشنی جۆرێک ئەفسانەیە، کەلە بنەڕەتدا وەک هەموو جۆرەکانی نەژادی مرۆییە و کە هەمان کەلتوور و زمانی جۆراوجۆری وەک «تورکی ـ ئەستەنبۆڵی»ن.

کەوایە دەکرێ ئیدیعا بکەین، کەلە مێژووی تورکیا، زیاترین خزمەت، شۆڕشی کەمالیست کردی، بە جۆرێک کە ڕۆژئاوای بە سیمایەکی دروست لەناو شێوازی ئیسلامییەکاندا خستنەڕوو، بەڵام پێش لە پیشاندانی سیمای ئیسلام، بە دیالۆگ و دەربڕینێکی کورت لە کەسایەتییە تورکەکان. لە توێژینەوە مێژووییەکان، دەوڵەتی خەڵکیی تورکیا لە ساڵی 1930 و بە کۆچکردنی ئێتنیکەکان بۆ ئاسیای ناوەڕاست بیچمی گرت و هەمان ساڵ بە کەڵک وەرگرتن لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا و بەو هۆیەی کە زۆربەی خەڵک لە ئاسیای ناوەڕاست بەم زمانە ئاشنا بوون،

**ئەم پارادۆکسە دەروونییەی کەلە ناخی کلتوری ڕۆژئاواوە سەریهەڵدا، بووە هۆی یەکگرتن و هاوپەیمانیی نێوان ئەو دوو بیرە**

بیچمێکی فەرمیی بەخۆیەوە گرت و بووە هۆکاری سەرەکیی زمان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن لە خوێندنگەکان و ئاستی باڵا، تەنانەت کتێبەی خوێندنیش.

ئەم تۆرە لەڕاستیدا هەوڵێک بوو لەپێناو بەرپەرچدانەوەی ئاستەنگە ناوخۆییەکان. ئەم کێشە ناوخۆییانە، پێکهاتەیەکی هەمەچەشن بوو لە هەموو نەتەوەکانی جیهانی سێیەم، کە ئەو کێشە و ئاستەنگە ناوخۆییانەش لە ڕێگای ئەورووپاوە سازکران. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان ڕۆژئاوا و دانیشتوانەکەی لەلایەن تیۆریی ئەورووپاییەکانەوە، هەوڵێک بوو لەڕاستای تکۆڵیکردنی ویستە گشتییەکان و هەوڵی سەرەڕۆیانەی کاپیتالیزم. سەرمایەداری لە یەککاتدا چەندین ناوچە و بەشی جیاجیای جیهانی پێکەوە کردە هاوپەیمان. ئەم تیۆرە بانگەشەی یەکدەنگ و یەکهەستکردنی جیهانی

**هەرچەند ئەم پارادۆکس و دژبەرییە، لە ناوەڕۆك و هەوێنی چەند بەشێکی کەمالیستدا دەبینرێ، بەڵام بەگشتی لە ئەکتیڤکردنی کلتووری سیاسیدا شتێکی نامۆ نەبوو**

هەبوو، بەڵام لە بەرانبەردا جۆرێک لە گەشەی نەشیاو و ناهاوئاهەنگی خستەڕوو. ئەم پارادۆکسە دەروونییەی کەلە ناخی کلتوری رۆژئاواوە سەریهەڵدا، بووە هۆی یەکگرتن و هاوپەیمانیی نێوان ئەو دوو بیرە و خەڵکی جیهانی سێیەم کەوتنە لاساییکردنەوەی رۆژئاوا، بەڵام دواتر روونیان کردەوە کەلە لاساییکردنەوەی رۆژئاوا بێزارن. نەتەوەخوازیی وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە جەوهەردا دژایەتی لەگەڵ ئەم رەوتەیە، چونکە ئەم رەوتە گشتگیر نەبووەوە و لە هەندێک شوێن رێژەیی و لە هەندێک شوێنیش هەتاڕادەیەک گشتی بووەوە. ئەوەی کە نەتەوەخوازیی تورک (کاپیتالیزم) جاڕنامەیەکی بەناوی شێوازی بەڕێوەبەریی داهاتووی گشتی داڕشت، بابەتێک بوو کە لە لاساییکردنەوەی رۆژئاوا بوو، بەڵام لە رێگای رەوایەدان بە هەواڵ و شوناسی گشتی لە ئاستی نێ ،دەوڵەتیدا، چەند نەتەوەیی هاتە گۆڕێ.

بانگەشەکردن بۆ تێکەڵاوی و هاوسەنگکردنی ئیدیعاکان، وەڵامێکی بەم پرسیارە دایەوە، کە بۆچی و بە چ لەونێ دانیشتوانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەوڵدەدەن گەلاڵەکانی رۆژئاوا جێبەجێ بکەن و بەپێی شێوازی ئەوان بجووڵێنەوە و لە بەرانبەریشدا ئیدیعا دەکەن، کە ئاست و رێژەی لاساییکردنەوەیان پاراستووە و راستیی ئەم بانگەشە و ئیدیعایانەی خۆیان لە دووتۆی یاساورێساکانی رۆژئاوا دەردەکێشن؟ ئایا ئەوان مافی یەکسانی و هاوسەنگ کردنی نوخمەکانیان هەیە، هەتا چ ئاستێک لە هەوڵی ئەوە داین، کە ئەک بە ئەک وڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. نەتەوەخوازیی کەمالیست سەفەرێکی دژواری هەڵبژاردووە، ئەو ئیدیعای دەکرد، کە هەموو گرێکان لە رێگای ئیسلام و هەوڵە ریفۆرمییەکانی دەکرێنەوە، هەر بۆیە ئەم رێگایەی دەست نیشان کرد، هەتا بە قووڵایی رۆبچێتە هەناوی کەلتووری رۆژئاواوە و ئەم ئوسنوورە شارستانیەتە جیهانییە بە وێنایەکی خەیاڵی لە ئایدیالیزم ئەورووپی - رۆژئاوایی بخاتەڕوو، هەروەها ئیدیعای کرد کە ئەم شارستانیەتە دژی رۆژئاوا نەبووە.

تورکیا نەیتوانی ئەم ئەزموونە دووبارە بکاتەوە، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بە مانای پیشاندانی لاوازیی جەوهەریی نەتەوەی تورک نەبوو، دیاردەیەک کە بەرجەوەندی وڵاتانی ئەوروپی چاوەڕوانی بوو، بەڵام خودی ئەم مەسەلەیە، بەرەنجامێکی ناکام لە سەرمایەداری بوو لە پێکهاتەی جیهانیدا. تورکیا بە ئامادەبوونی بەردەوام لە ئاستی جیهانیدا، بەو خەیاڵەی کە ئەم کەموکوڕییە لە تیۆرییە جیهانییەکان، هەروەها ئەوەی کە ئەم گەلاڵەیە لە ئەزموونی رۆژئاوا (وڵاتانی رۆژئاوا) دا دووپاتدەبێتەوە، لەو رەخنە زاڵ و گشتگیرانەی رۆژئاوا، کە بریتی بوو لە جۆرێک لە ئیسلامەگەرایی نوێ، تێپەڕیوە و تاقیکراوەتەوە، واتە ئێستا تورکیایە کە مۆدێلی مۆدێرنیزاسیۆنی کەمالیست و ئیسلامیەتی قەبووڵ نییە.

**رووبەڕوو بوونەوە و گەنگەشەی ئیسلامگەرا و کەمالیستەکان:**

لێرەدا لەبارەی دژایەتیی ئیسلامگەراکان لە ئاستی قۆناغی لوونکەی فەرمانڕەوایی کەمالیستە نوێگەران قسە دەکرێ. ئەم وابەستە بوونە چەشنی ئەم پرسیارەیە، کە مۆدێرنە چییە؟ هەرچەند ئەم قۆناغە رێکار و رێگەچارەیەک بوو لەپێناو چالاکیی نەتەوەخوازانی غەیرە مەزهەبیدا. لە تیۆریی مۆدێرنەکردنی ئیسلامدا، لێکدانەوەی دژواری ناهاوچەشن لە سیکۆلاریزمی کەمالیست کە

پشنگیریی ئێکڕوخانی ئیسلام دەکات، بەگشتی لە بواری مۆدێرنەکردندا زۆر کارا بووە. ئەم روانگانە لە ڕێگای گروپی NSP (گروپی رزگاریی نەتەوەیی) بڵاوکرایەوە. ئەم گروپە ئیسلامیە سیاسییە لە ساڵی 1970 باشترین نموونەیە لە بوارەدا. NSP لە ساڵی 1990 دامەزرێنەری گروپی جەنجاڵیی رەفە Rafah بووە و لەلایەن (نیک منتین ئیرباکان) رێبەری دەکرێ، ئەو کەسە مامۆستای تەکنیک بووە لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ، کە لەو ساڵانەدا هاتە مەیدانی سیاسەتەوە. ئەو بەردەوام لە کاروباری بانگەشەی ئیسلامی، هەروەها بەرهەمهێنان لە بواری تەکنۆلۆژیای (ئەیرباکان)، وا دەرکەوتووە کە ئاخاوتن و لێدوانە فراوانەکانی لە زانکۆ و دەربڕینە دووپاتەکراوەکانی لەم بارەوە، ئەویان وەکو کەسێکی سیاسی ناساندووە، کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و تەکنۆلۆژیای رۆژئاوا دابنێت، (ئاخاوتنێک کەلە یاساوڕێسا ئیسلامییەکانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە) لە نێوان سەدەکانی 7 ـ 14 زایینی کە هەڵبەتە رۆژئاوا بە شێوەی کینایە وشەی (ئێمە) بەکار دێنێ و رۆژهەڵاتیش وشەی (ئەوان) ئێدەگەن کە هەرچییان هەیە، هەموو لە رژهەڵاتە و هی موسڵمانانە. ئەم جۆرە وێناکردنە، جۆرێکە لە ئیسلامی شارستانی کە دەریدەخات، (بانگەشەکانی تەکنۆلۆژیای رۆژئاوا و رێوشوێن و دامەزراوەکانیان لە بنەڕەتدا ریشەیەکی ئیسلامییان هەیە). بەم هەموو نیشانە و بەڵگە باوەڕپێکراوانەوە، ئەوان ئامادە نین راستی بوونی ئەم مەسەلەیە قەبووڵ بکەن. «بنیار تورپاک» کەسێک بوو، کەلە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەی 20 ئیمانی بە ئیسلام هێنا و رایگەیاند،کە هاوسەنگ بوونی شارستانیەت و مۆدێرنەکردن لەگەڵ بانگەشەی رۆژئاواییدا دروشمە و رەتیکردەوە. هەرچەند ئەم پارادۆکس و دژبەرییە، لە ناوەڕۆک و هەوێنی چەند بەشێکی کەمالیسندا دەبینرێ، بەڵام بەگشتی لە ئەکتیڤکردنی کلتووری سیاسیدا شتێکی نامۆ نەبوو. هەروەک پێشتر پیشاندرا، خاڵێکی داخراو و نهێنی لە پێناسەی واتای کەمالیست لەناو نەتەوەی تورکیا هەبوو، هەرچەند کەمالیست، ئیسلامی وەکو پلان و گەڵاڵەی ژیارسازی قەبووڵ نەکرد، ئەوان هەموو کاتێ وایان وێنادەکرد، کە نەتەوەی تورک موسڵمانان، بۆیە لەم رووەوە لە چەند دەیەی سەرەتای دامەزرانی ئەم کۆمارییەدا، کاتێک ئەو حکومەتە بەتەواوەتی جێگای حکومەتی پێشووی گرتەوە، ئینیمایەک بە ئاراستەی یەکسانی و یەکدەستکردنی ئیسلام لە بیروڕا یاساییەکان، وەک هێزێکی سیاسی خرایە بەرباس. لە سەرەتای ئەم پرۆسەیەدا، زمان و خودی وڵاتی تورکیا کەوتە بەر سەرنجی دەسەڵاتدارانی جیهانی. ئەم خاڵە شاراوە هیچکاتێ سەقامگیر نەبوو، هەتا ئەوەی کە شەڕ و ململانێی نێوان کەمالیست و ئیسلامگەراکان لە رێگای مۆدێنە بوونەوە سەریهەڵدا، کە سەرەتا لە چەند دەیەکی سەدەی بیستدا ئەم ململانێیە رووی داوە. EWP لە ساڵی 1996 دەسەڵاتی هەڵبژارد، بەڵام هەمان ساڵ لەلایەن ئەرتش (هێزی سەربازیی) کەمالیستەوە لەناو چوو و بەرەبەرە لە پەراوێزەوە تووشی لاوازی هات و توایەوە. ئەم پرسە لە ساڵی 1990 کاتێک کێشە و ململانێکان گەیشتنە لوتکە، ئیدی دەبێ لێرەدا هۆکارەکان بە جۆرێکی تر راڤە و شرۆڤە بکەین. ئێمە پێویستمان بەوەیە، کە کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری بۆ رەخنەی ئیسلامی سیاسی لە دووتوێی ئەم شرۆڤەیەدا بگونجێنین، کە هەمان درێژەدانە بە لەسەروو دانانی جیاوازیی یەکسان بۆ مۆدێرنەبوون، هەروەها واقیعی رەتکردنەوەی گەڵاڵەی خودی مۆدێنیزاسیۆنە. ئەم سەرهەڵدانە نوێیە لە ئیسلام لە نووسراوەی گرووپێکی خۆشەویست لە نووسەرانی موسڵمان لە ساڵی 1980 بە روونی بەرچاو دەکەوێ. «روسن کالیر» ساڵی 1990 کتێبێکی بەنرخی بەناوی (Ismetozed) نووسی کە لە سێ بەشی: تەکنۆلۆژیا، شارستانیەت و لەخۆ نامۆبوون پێکهاتووە. ئەم کتێبە کەلە بواری ئەدەبدا پێشەنگە، لە ساڵی 1968دا چاپ و بڵاوکرایەوە. کالیر هەڵوێستەکانی خۆی لە



شێخ سەعیدی پیران
Şêx Saîdê Paloyî



پێشەکیی ئەم کتێبەدا بەم چەشنە دەربڕیوە: «رۆشنبیران لە تورکیا لە هاوسەنگ کردنی شارستانیەتی هاوچەرخدا گەیشتوونەتە ئامانجێک، ئەویش هەموارکردنی شێوازێکە لە وتنەوە و جوێنەوەی ئەوەی کەلە رۆژئاواوە دێت و هەیە. لێرەشدا بەبێ ئەوەی کە هیچ سازان و رێککەوتنێک لەگەڵ مەزهەبەکانیان ئەنجام بدەن، هەر بەم پێیە، لە سەرەتای کتێبەکەیدا نووسیویە: «ئەگەرچی کاری بە شارستانی بوون ئەمە نییە، بەڵام لە جەوهەری خۆیدا بە شارستانی بوون بە جۆرێک بە پرسیارخوڵقێنانەوە دەستپێکرد». بێگومان گومانی ئینتیمایەکی ئیسلامی لەئارادا بووە، کە مۆدێرنە بوون و تەکنۆلۆژیا رەتدەکانەوە. لە ماوەی ئەم قۆناغەدا، مۆدێنەبوونی موسڵمانان و کەمالیستەکان، تەنیا ئامرازێکە بۆ خەڵوەت و دەربازبوون لە بیروباوەڕەکان، کە هیچکات قازانجی نەبووە و نەیتوانیوە خۆشەویست بێت، بەڵام خودی ئەم بەراورد کردنەی ئەدەبی نوێش، تەنیا بەرهەمی باڵ و کۆتلەبەندیی ئیسلامیە، بەڵام ئەو دانوستانەی کە مۆدێرنە بوون رەتدەکاتەوە، بەسەر تێڕوانینی رۆشنبیرانی تورکیا لە نێوان ساڵانی 1980 ـ 1990 زاڵ بوو، لە شوێنێکی دیکە وتارنووس باس لەوە دەکات، کە ئەم بەرەنجامە لەوانەیە لەژێر ناوی «رەوشی پۆست مۆدێرن» بهێنرێتە گۆڕێ. بە واتایەکی تر، شارستانیەتی جیهانی کە تورکیا هیوای ئەوەی هەبوو، لە رێگای گەلاڵەیەکی گشتیترەوە لە ساڵانی دواییدا هاتە ئاراوە، کە بە جۆرێک ئایدیا و پرەنسیپی رۆژئاوا دەخاتەڕوو. لە گەلاڵەیەکی بە تەواوەتی لاساییکەرەوەی رۆژئاوا کەلە ئاستی نێودەوڵەتیدا و جیهانیدا گرنگیی خۆی لەدەستداوە و لەژێر ناوی گەڕانەوەی «کولتوری بایەخدار» بووە هۆی کڕین و ئاڵوویری کاڵا و بەرهەمە رۆژئاواییەکان. راپرسی لەبارەی بە مۆدێرنە بوون، ویستێکی زۆر نییە کە ئاماژەیەکی ژاناوی و بە حەسرەت بە رۆژئاوا و رۆژهەڵات دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە، راگەیاندنی رەسەنایەتی، شتێکی نوێ بوو کەلە ئەنجامی پێشوازی و زاڵبوونی کلتوری رۆژئاوا هاتە گۆڕێ.

گروپی ئیسلامی سیاسی رەفە (Rafah) کە ساڵی 1990 دامەزرا، کاریگەرییەکی زۆری لەناو دەوڵەتی

تورکیادا هەبوو. هاوکات لەگەڵ دامەزران و پێکهاتنی ئەم لایەنە، کێشە و ململانێی و قەیرانە ئۆقێنەرەکان لەگەڵ دوو ئاراستەی گەشەی سیاسی بەرورووو بوون، ئاراستەیەک کە ڕێکارێکی کاریگەر لەبەردەم مۆدێرنەکردنی کەمالیستەدا دەخاتەڕوو، کە ئەم ڕێکارە لە بەرانبەر قەبووڵ نەکردنی کەمالیستدا قوت بووەتەوە، چەنکە هەرچەشنە نوێبوونەوەیەک رەت دەکاتەوە. ئەم سازانە سستنە لە بزاوتی سیاسیدا، هیوایەکن بۆ جیاوازیی بیروڕا کە هەندێک لە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە و لەوانەیە لە ڕێگای ئامرازی هاوبەشەوە، لەگەڵ کەمالیست لە دژایەتیدا بێت. قازانجی کارکردن لەسەر پەرەسەندنی ئەم کێشە و ململانێیانە لە هەمبەر کەمالیست لە واتای بەجیهانیبوون و ناکارامەیی گۆڕانخوازان، هەروەها بنەمای گرووپی جەنجاڵیی ڕەفە لە چوارچێوەی چەند ئینیکی بون دایە.

قەیرانەکانی کەمالیست بەشێک لەم قەیرانە جیهانییانە بوو. « ریان پراکاش» دەڵێ: ئەم دوو گرووپە بەگشتی مێژووی ئەورووپایان بە ئایدیا و بانگەشە راگرتووە، کە بە واتایەکی تر لەلایەن داگیرکەرانەوە ڕەخسێنراوە. گروپی کەمالیست و چپی شۆڕشگێرانە لە تورکیا لە ڕێگای بە پارێزگاکردن (ناوەندچێتی)، بووەتە هۆی ڕەخساندنی دەرەتانی پێشکەوتن و بوونە خاوەنی شارستانیەتی نوێ، بەڵام شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەڵگری هەندێ تیۆری و گەڵاڵە بوو لەسەر کلتووری ناوچەییەکان و مۆدێرنەشی وەکو پلان و گەڵاڵەی سەرتۆپ هێنایە گۆڕێ، کە پێشتر لەبارەی ئەم دوو گەڵاڵە نوێ و لەمێژینەیەی ئەمپریالیزمی نەوەخواز و سەرمایەداری کە بنەمای مارکسیست بوو، قسە کرا. واتای مۆدێرنەبوون ئەمە بوو، کە ئیسلام دژی پێشکەوتنە. کەمالیست شارستانیەتی ڕۆژئاوای وەک پارادایم و ئۆلگویەکی جیهانی هێنایە بەرباس. ئەوان ڕایانگەیاند، کە ئەم گەڵاڵە و ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ڕۆژئاواوە هێنراونەتە گۆڕێ، زۆر گرنگن و بە پێداگرییەوە دوای کەوتن و لەم لاشەوە لە بەرانبەر سەرچاوە و بنەما ناوچەییەکانیاندا بەتەواوەتی کەمتەرخەم بوون، بۆیە ئەگەرچی نەتەوەخوازی خۆی ڕوانگە و فکرەیەکی ڕۆژئاواییە و لەلایەن کۆلۆنیالیستە جیهانییەکان لە سەدەی 20دا قەبووڵکرا، بەڵام لەمەڕ ڕاستیی بوونی ئەم پرسە، دەکەوێتە ژێر هەڵسەنگاندن و چاودێرییەوە. ئیسلام پاساو دێنێتەوە، کە لە جەوهەردا خۆجێی ناس و ناوەندگەرایە، بۆیە لەم ڕووەوە دژی ئیمپریالیزمە.

چەند نموونەیەک لەم بارەوە لە نوسەرانی گەورە و ناودار هەیە، کە هەندێک لەم پەرەسنیپانەیان شرۆڤە کردووە: « ئەم گروپە (ئیمپریالیزم) بە زۆر و ستەم، ئاڵای خۆیان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان هەڵداوە و خەڵکیان خستووەتە ژێر شەپۆلی کاڵا و ڕەهێڵەی وتارە (سیاسی ـ خەیاڵی)ییەکانیان و لەم بارەوە هەندێ بەڵێنیانداوە. نموونەگەلێکی وەک: پێشکەوتن، گەشە، یارمەتی، دڵگیری، شارستانیەت و...پەیوەندیی هۆڤانیانەی خەڵک بە قەبووڵ کردنی گەندەڵی، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کارە ژان و ئازار، بێبەشبوون، قوربانیدان، هەڵاوسان، زەخت و گوشار بۆ سەر خەڵک زیاتر دەکات و لە ئەنجامدا، ستەمکاری، داماوی و شەڕ و ئاژاوە پەرە پێدەدات». بەپێی ئەم دەقە نەتەوەخوازی، ڕوانگەیەکی مادییە و بە گشتی و ڕاستەوخۆ پەیوەنددراوە بە پرسی گەشەوە. «بولاک» لە ڕوانگەی گشتگیری جیهانییەوە لێی دەڕوانێ، ئەوکاتەی کە هەموو دونیا دەستەملانی ئەم پرسەن. لەم نێوەدا پرسیارە ورووژێنراوەکان، بە جۆرێک وەڵام دەردرێنەوە، کە چۆن چۆنی دەکرێ نەتەوەیەک گەشە بکات؟ بە چ شێوازێک دەکرێ پشت بە هێزی سەربەخۆیی سەربازی و ئابووریی نەتەوەیەک بەستین؟ ئەو پێکهاتەیەی کەلە پێشینیانەوە بۆمان ماوەتەوە چۆ دەتوانین بیپارێزین؟ «هانتینگتۆن» پرەنسیپی ناسراو بە «بولاق» بەم جۆرە باسدەکات: «ئایا ئەو بنەمایە دەتوانێ یارمەتیی گەشەی داهاتووی جیهان بکات یان نا، ئاخۆ پێشبینی ئەوە دەکرێ ئاراستەی دیالۆگ و دانوستانێک لە نێوان

مەسیحیەت و سیکۆلاریزم و نێوان بودایی و دینی ئیسلام دەکرێت، کەوایە هاوکات، ئیسلامی نوێ سەدەی 19 و ئیسلامی سەدەی 20 دەتوانن مەودا و بۆشایی نێوان زاڵبوونی رۆژئاوا بەسەر کلتووری ئیسلامیدا، کە یەک لەدوا یەک هەموو بەستێنەکانی تەنیوەتەوە، پڕ بکەنەوە. ئیسلام ئەو ئامانجە نوێیەی کە شارستانیەتی رۆژئاوای قەبووڵ نییە، ناوتوێدەکات، چونکە ئەوروپاییەکان وەکو رێگایەکی رووناک قوبووڵی ناکەن. ئەوەی کە ریفۆرم و گۆڕانکاریی موسڵمانان لەگەڵ ئەوروپی و ئینگلیزییەکان یەکسانە، هەمان ئەو پرسەیە کە هێزی ئیسلامی نوێ بەرەوڕووی دەبێتەوە. لە ئیمپراتۆریی نوێی ئیسلامیدا عوسمانیدا، نفووزی ئینیکە ئەوروپییەکان، رۆژ لەدوای رۆژ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و لە رێگای بەراوردەوە دەکرێ بگەینە ئەم ئەنجامە، کە ئیسلامی نوێ روانگە و بۆچوونی پێشکەوتنی رۆژهەڵاتی بە یارمەتیی رۆژئاوا و وەرگرتنی بنەماکانی قەبووڵ نییە.

**ئەنجام:**

ئیسلام تەنیا خوێندنەوەیەک نییە لە راپەڕینێکی وشک و برینگ (ئەگەرچی خودی ئیسلام بەشێکی شاراوە و ناڕوونی مۆدێنیزاسیۆنی رۆژئاوا بووە)، بەڵام تێیدا بیروباوەڕێک هەیە، کە خەبات و بەرەنگاریی سیاسی بە رەوا و زەروور دەزانێ. ئەوەی کە لە سەدەی 19 کاتێک ئیسلام لەناو ئیپمراتۆریی عوسمانیدا سەریهەڵدا و لە سەدەی 20یشدا کۆتایی پێهات، ئەم کزبوونەی ئیسلام لەم ئیپمراتۆرییەدا، پەیوەندییەکی بە پێگەی مەزهەب و گرێدانی بە ئیسلامی راستەقینەوە نییە، بیروباوەڕێک کە لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە خرایە بەرباس، پاشان نیازە ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان رەوایی پێبەخشی و ئەوانیش لەو سەردەمەدا پێگەیەکی تایبەتیان بەدەستهێنا. لەم دەورەیەدا لەلایەن نەتەوەخوازەکانەوە پەیڕەو نەکرا، لە ماوەی ئەم قۆناغەدا پەیوەندیی میللی - مەزهەبی لە بەرەندا لە رێگای کەڵک وەرگرتن لە بیروڕا سیاسییە تایبەتەکانی ئیسلامەوە دیاریدەکرا، کەلەو کاتە دیسان ئیسلام خۆی گرتەوە و سەریهەڵدایەوە هەتا لە شێوەی پۆستی نەتەوەخوازێکی سیاسیدا رەوایی بەدەستبێنێ و خۆی بنوێنێ.

بە روانینێک بۆ رابردوو، دەبینین ریفۆرمی ئیسلامی خۆی لەخۆیدا بزاوتێک بوو بۆ دەربازبوون لە فەرهەنگی واقیعی بوون و بەگشتی بە مەبەستی واقیعیکردنی سیاسەت، کە سەرەنجام ئەم هەموارکردنە بۆ بەرزکردنەوە و گەشەسەندنی نەتەوەخوازی و بیچمگرتنی نەتەوە بە ئاراستەی رێکخستنی سیاسیدا بوو. سەردەمێک کە شارستانیەتی رۆژئاوا پەرژایە سەر ئەم پرسە، هەمان ئەو روانگە و باوەڕە مۆدێرنانەی لە چوارچێوە و دروشمی: بە پارێزگاکردن، پێشکەوتنخوازی، عەقڵانیەت و بە شارستانی بوونی لە چوارچێوەی سیستمی کۆلۆنیالیدا هێنایە بەرباس و جێگیری کرد. سیکۆلاریزی نەتەوەییش بەم پرسیارەوە هاتە مەیدان، کە ئەگەر وڵاتانی جیهانی سێیەم هەموو هەوڵەکان بۆ لاساییکردنەوەی رۆژئاوا تەرخان بکەن، چ شتێک دەبێتە جێگرەوەیەکی باشتر بۆ پاشاکشی و لاساییکرنەوەی ئەوان - کە بە خەیاڵی خۆیان پڕ بایەخە - ؟ ئەگەر وڵاتانی جیهان سێیەم ئەم کاران ئەنجام بدەن، بۆ خۆیان دەتوانن چ کردەوەیەک ئەنجام بدەن؟ یان چ جێگرەوەیەکی باشتر لە ئیسلام لە ئارادا دەبێت؟

ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرەنجام رۆژئاوا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو سیکۆلاریزمی بە فەرمی دەناسێ و وایدەنوێنێ، کە دەبێ لە رۆژئاواوە وانە فێر بین.

* **پرۆفیسۆری کۆمەڵناسیی لە زانکۆی ئەستەمبوڵ**

**سەرچاوە:**

-ماڵپەڕی باشگاه اندیشە -
http://www.bashgah.net/fa/content/show/43630
منبع: http://www.pegahhowzeh.com
منرجم: نیره نظرریا

## فایلی ژمارە



# سلاڤۆی ژیژەك



دوو نوکتەی هێگلی
دەربارەی حەقیقەت




دیدارێکی تایبەت
لەگەڵ ژیژەك
لەبارەی بەهاری
عەرەبییەوە



«مارکە» چیە؟